# دایەنەکان
# و
# ڕوونکردنەوەیەک

د. ئەحمەد میراودەلی
کەنەدا 2005/11/22

لەسەر وەرگێڕانەکەی دایەن لەلایەن ڕێزدار خاتوو کازیوە وە لەم چەند ڕۆژەی ڕابووردوودا ، ڕازو گلەییەک لەنێوان وەرگێڕ و بەڕێز " سەلامی حەمەڕەش" پەیدابوو، لەنێوان هەردوو بەڕێزانیشدا ناوی منیش " ئەحمەد میراودەلی" هاتۆتە نێو نێوان ، بۆیەشە بە باشم زانی ئەوەندەی ئاگادارم خوێنەران ئاگادارکەمەوە لەگەڵ تێبینییەکی برایانە بۆ هەردوو بەڕێزان خاتوو کازیوە و کاکە سەلامی حەمەڕەش .

بەش بەحاڵی خۆم زیدە لە سی(30 ) ساڵە لە وولات دابڕاوم و جگە لە هەندێ بەرهەم کە لە ئەورووپادا لەچاپ دراون ، ئاگاداری بەرهەمی نووسەرانی کورد نەبووم هەتا سەرهەڵدانی نووسینی ئەلیکترۆنی . هەتا کۆتایی ساڵی 1973 ێش کە لە وولات بووم ئاگاداری هیچ بەرهەمێکی بەڕێز د. ئاورەحمانی مەلامارف نیم ، وابزانم تازە گەڕابۆوە بۆ وڵات و هێشتا بەرهەمی نەبوو، ئەگەر هەتا ئەوکاتە بەرهەمێکی هەبووایە دەبوو ئاگاداربم ، لەبەر ئەوەی لە بنەماڵەی خوالێخۆشبوو مەلامارفەوە زۆر نزیک بووم .

ئەوەندەی ئەز لەو بابەتە ئاگادارم ، دوای بیستنی لێدانی ماشێنی خاتوو کازیوە، بۆ هەواڵ پرسێنی پێوەندییەکی تەلەفۆنیم پێوە کرد ، لەوگفت و گۆیەدا خاتوو کازیوە باسی ئەو وەرگێڕانەی کرد و وتی ( بۆ نانی ئینگلیزی نێوی نەنە ی بەکار هێناوە) منیش بێ ئەوەی وەرگێڕانەکەم کەوتبێتە بەرچاو ، وتم نانی ئینگلیزی و نەنەی کوردی دوورن لەیەکدی ، پێم ووت بە بڕوای من نزیکترین نێو بۆ نانی ئینگلیزی، دایەنە ، ئەویش لێی پرسیم باشە ئەمە وشەیەکی گشتگیرە ؟ لە وەڵامدا وتم ، ئەگەر گشتگیریش نەبێ دڵنیام وشەیەکی کوردی ڕەسەنە . ئەمە ئەوەندەیە کە

بەندە لێی ئاگادارە . بە بێ گومانی دووپاتیشی دەکەمەوە،من هیچ وەرگێڕانێکی نانی " چیخۆف"م بۆ کوردی نەدیوە، ئەگەر وەرگێڕانێکیشم دیتبا، یان سەد وەرگێڕانی هەمان بابەتیش ببینم لەلایەن وەرگێڕی جیاوازەوە ، ئامۆژگاری نادەم بە هیچ وەرگێڕێک بەپێی توانای خۆی و لەڕوانگەی خۆیەوە وەرگێڕانەکەی نەباتەسەر، لەبەر ئەوەی هەریەکەمان لەگۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لە دەقی چیرۆک دەڕوانین و لێی تێدەگەین، بۆیە مافی هەرکەسێکیشە وەک دەیەوێ وەریبگێڕێ، بێگومان مەبەستم دزی نییە .
ئەمە ڕوونکردنەوەیەکە بوو بۆ خوێنەرانی هێژاو بۆ کەسێکیش ئەگەر مەبەستی بووبێ بە بێ ئاگام بزانێ . شتێکی دیکەی کە بە هەلی دەزانم لەم بۆنەوەدا لێی بدوێم، گۆڕانی نەریتی ڕەخنە و ڕەخنەکارییە لەمەودوا. تێکنۆلۆژیا پێوەندیکردنی هێندە ئاسانکردووە لە چرکەیەکدا دەتوانین نامە بگۆڕینەوە ، دەبا پێش ئەوەی ڕەخنە بگرین یان هێرش بەرینە سەر یەکدی و تۆمەت بخەینە پاڵ یەکدی ، وتووێژێکی ئەلێکترۆنی لەتەک یەکدا بکەین ،خۆ پولێکیشی تێناچێ . بەڕێز کاکە سەلام لە نووسینی دوهەمیدا، "نانی دزراوە" وا ڕادەگەیەنێ کە نیشاندانی بەرگی چەند پەرتوکێک بەڵگەنامەی دزینن . ئەگەر بەڕێزیان وابیربکەنەوە ، ئەوا بێگومان بەهەڵەدا چوون . بۆ سەلماندنی دزینی وەرگێڕانەکە دەبوایە کاکە سەلام هەردوو وەرگێڕانەکەی خاتوو کازیوە و دکتۆر ئاوڕەحمانی بخستایە بەردەم خوێنەران بۆ بڕیاردان . بۆخۆم هەتا وەرگێڕانەکەی دکتۆر ئاوڕەحمان نەکەوێتە بەرچاوم و بەراوردی نەکەم لەگەڵ ئەوەی کازیوەخان ، ناتوانم کازیوەخان بە دز تۆمەتبار بکەم . لەکۆتاییشدا دەڵێم "گێل " بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ دەق و ناوی" نانی"دا ناگونجێ لەو نووسینەی چیخۆفدا ، کەس گێل نییە و دەقەکەش وا نابەخشێ .